www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 30-5-2007 0:26

# ڕەوشی ئێستای کوردستان و ناوچەکە و ڕێگاکانی چارەسەری ... عەبدوڵلا ئەحمەد گەرمکی

abdulagermiki@gmail. com

دەمەوێت لەو گۆشەنیگایەوە دەست پێبکەم و بچمە ناو کرۆکی بابەتەکەوە و ریالیستیانە و هەندێکی ورد لەسەر ڕەوشی ئەمڕۆی ئێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، ئاخۆ ئەو مەترسیانە چین کە لەداهاتوودا ڕووبەڕووی ئێراق و باشووری کوردستان دەبنەوە؟ چونکە ڕەوشی سیاسی ئەمڕۆی ناوچەکە زیاتر بەرەو گێژاوێکی پڕ مەترسیدار دەڕوات و ئیدی پێویستە تەدبیری جددی بۆ وەربگیردرێت و پێشبینییەکان ببینرێت کە لەداهاتوویەکی نزیکدا چی ڕوودەدات و ڕەوشەکە بەرەو چ ئاراستەیەك دەڕوات، بەڕاستی ئەمڕۆکە لەئێراقدا وەك دێتە زانین ڕەوشی ئاسایش ڕۆژ بەرۆژ بەرەو ئاڵۆزی و خراپی دەچێت، تیرۆریستان تادێت مۆڵگا و جێی خۆیان زیاتر دەکەنەوە، ئەمەش بێگومان وەکو چۆن لەماوەی ئەم چوار ساڵەی ڕابردوودا گەلانی ئێراق ڕووبەڕووی کووشتن و بڕین بوونەتەوە، بەهەمان شێوەش بۆ داهاتوو زیاتر بەرەو خراپتری دەبەن. ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە ئەمڕۆ لەئێراقدا حکومەتێك هەیە و پەرلەمانیش هەیە، بەڵام سەیرەکە لەوەدایە نەحکومەت ڕێنماییەکانی پەرلەمان بۆخۆی بەبنەما وەردەگرێ و نەش بەپێچەوانەوە، بۆنمونە هەر لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا لەیەکێك لەکۆبوونەوەکانی پەرلەمان چەندین پەرلەمانتار داوای سەرۆك وەزیران و هەردوو وەزیری ناوخۆ و بەرگری کردووە کە بێن ئامادەی یەکێك لەکۆبوونەوەکانی پەرلەمان بن بۆ لێپرسینەوە، بەڵام ئەوان ئامادە نەبوونە بچنە دەم داخوازییەکانی پەرلەمانەوە، بێگومان ئەمە خۆی لەخۆیدا بێ دەسەڵاتی پەرلەمان دەنوێنێ، وڵاتێکیش گەر پەرلەمانەکەی تەنها شکڵی بێ لەوڵاتێکی وەکو ئێراق باشتر نابێت، ئەمە بۆ کوردستانیش بەهەمان شێوەیە، ڕاستە پەرلەمانێك بوونی هەیە، بەناوی پەرلەمانی کوردستان، بەڵام وەك دەزانرێت هەردوو حیزبە زەبەلاحەکە هەموو شتێکیان کۆنترۆڵ کردووە و زاڵن بەسەر پەرلەمانەوە، کە ئەمەش پێشێلکردنی یاسایە، دەبێت پەرلەمان هەم خاوەن سەنگ و قورسایی ببێت و هەمیش بڕیاردەربێ و توانای لێپرسینەوەی هەبێت، بەڵام لەهەرێمدا بەپێچەوانەیە، واتا پەرلەمان جەستەیەکی بێ گیانە و هیچ دەسەڵاتێکی نییە، چونکە دەسەڵات بەدەستی هەردوو حزبەوە قۆرخ کراوە.

بێگومان ئەمڕۆ لەدونیای گلۆبالیزمدا دەبێت هەم خۆت لەگەڵ سیاسەتی ئەمڕۆدا بگونجێنی هەمیش کارێکی وا بکەیت نەوەکو لەپاشەڕۆژدا ڕەوشەکە بە خراپی بەسەرتدا بشکێتەوە، ئەمڕۆ تیرۆریستان خەریکە هەرێمی کوردستانیش بۆ جارێکی تر دەکەنە مۆڵگای تیرۆریستان لەلایەکەوە لەچیای سیاگوێزی لای پێنجوێن دیسان وەکو لەچەند ڕۆژی ڕابردوو بیستمان بوونیان هەیە و واخەریکە تەکان بەجموجۆڵەکانیان دەدەن. بەڵگەش بۆ ئەمانە ئەم زنجیرە تەقینەوانەی ئەم دواییەیە کە ئەنجامدرا. بەڵام گەر تەدبیری جددی وەرنەگیردرێت بۆ ئەو کارانە ئەوا کار لەکار دەترازێو ڕەوشی هەرێمیش لەڕەوشی ئێراقی عەرەبی هیچ باشتر نابێت، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە، نابێت لەسیاسەتدا خۆشباوەڕبین وەکو ئەوەی بینیمان کە لەماوەی ڕابردوودا کورد ئەوەندە باوەڕی بەئەمریکا کرد هی ئەوەیە کە ئەوڕۆکە ژێراوژێر بوونەتە کۆسپێك لەپێش جێبەجێکردنی ماددەی سەد و چلی دەستووری هەمیشەی ئێراق، بێگومان هەمووشمان دەزانین باس لەوە دەکرێت کە ئەم ماددەیە دوا دەکەوێ بۆ سێ ساڵی تر، لێرەشدا گەلی کورد ئێستا کەوتۆتە گۆمانەوە، چونکە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە کات دانراوە، ئەو ماددەیە لەکۆمەڵێ بڕگە پێکدێت و هەر یەك لەو بڕگانەش بۆ جێبەجێکردنی کاتی دیاریکراوی بۆ دانراوە، بەڵام ئەوا ئێمە لەمانگی پێنجداین و جارێ هەنگاوێکی وا نەنراوە، مەسەلەی کەرکوکیش ئەمساڵ وەکو کابرا ووتی خۆمان خۆش.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سیاسییەکانی ئەمڕۆی باشووری کوردسیتان، ساوێلکانە مامەڵە لەگەڵ ڕووداو و پێشهاتەکان دەکەن، ئەمەش خاڵێکی تری لاوازی کوردە، چونکە بەدڵنیایەوە گەر سیاسەتمەدار لەباشووردا بەم نەزانیینەوە سیاسەت بکەن، هەرگیز حاڵمان لەم دۆخەی کە تێداین بەرەو باشی ناڕوات و بگرە ڕۆژانی ڕەش و شووم چاوەڕوانمان دەبێت، سیاسییەکانمان ئەوڕۆکە دوژمنانی کورد بەدۆستی خۆیان بزانن و گەل بەموخاتیب وەرنەگرن، هەرگیزاو هەرگیز ئەم ڕەوشە بەرەو باش بوون ناڕوات، چونکە ئەوان هەمیشە بیریان لای ئەوەیە کە پاش خۆیان منداڵی منداڵەکانیان دەبێت وەکو خۆیان بژین و ژیانێکی جیاواز لەژیانی خەڵکی ئاسایان بۆ دابین بکەن.

ئەم خاڵانەش دەبنە هۆ بۆ ئەوەی گەلەکەمان بەم شێوازە بمێنێت، هەستی نەتەوایەتیشیان لەخاڵی ژێر سفرەوەبێ، هەمووومان دەزانین لەباکوری کوردستان هەروەکو بەڕێز "فەلەکەدین کاکەیی" لەیەکێك لەبابەتەکانی نووسیویەتی "مومکین نییە کێشەی کورد لەباکور بەبێ پەکەکە چارەسەر ببێت"، ئەم قسەیەی بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، بەڵام بەداخەوە سیاسییەکانی تری باشوور هەر باوەڕیان بەپارت و خەڵکی نیشتیمانپەروەر نەماوە، چونکە ئەوان خۆیان باوەڕیان لەسەر خۆیان نەماوە، ئەی چۆن هەستی نەتەوایەتیان بمێنێت.

ئەمڕۆ سیاسەتێکی زۆر قرێژ دژ بەکوردان بەڕێوەدەچێ، کوردیش لەبەرامبەریدا دەبێت بەتەدبیر بێ، ئاشکرایە ماوەیەکی درێژە لەسەر داخوازی چەندین لایەن، (ك، ك، ك) ئاگربەستی ڕاگەیاند، بەڵام ئەگەر ئاگربەست وەڵام نەدرێتەوە، بێگومان ئیدی ئاگربەستیش واتای نامێنێ، ئەمڕۆکە ڕەوشی تورکیاش بەرەو خراپی دەچێت ئەوەتا لەم ماوەیەی دوایدا چەندین تەقینەوە ئەنجامدرا لەو وڵاتە، پێشبینی ئەوەش دەکرێ کە ڕەوشەکە بەرەو ئاڵۆزتر بچێت، "هێزەکانی پاراستی گەل" کەوا بڕیاربوو تا هەژدەی ئەم مانگە چاوەڕێی وەڵامی باش بوون، بەڵام ئەوە چەند ڕۆژێکیش بەسەریدا دەرباز بوو، جارێ ئیعلانی شەڕ نەکراوە، بەڵام دیارە ئامادەکارییەکی باش هەیە بۆ شەڕ، ئەم شەڕەش کە بکرێت جیاوازە لەشەڕەکانی تری گەریلا و سوپای تورکیا، بەڕێز "ئۆجەلان"یش چەندین جار لەرێگەی پارێزەرەکانییەوە بانگەوازی ئاشتی دەکرد، بۆ ئەوەی خوێن نەڕژێ، چونکە پێشبینییەکانی بەڕێزی ڕوون بوو دەزانێ کە ئەم جارە شەڕ بێ دەریایەك خوێن دەڕژێ، هەرچەندە بەڕێزی لەگەڵ شەڕدا نییە، بەڵام ڕەوشەکە ئیدی شەڕ دەخوازێت، چونکە بێگومان کاتێك زمانی دیالۆگ و ئاگربەس سوودی نەبوو، ئیدی دەبێ زمانێکی دیکە بخەیتە گەڕ ئەویش زمانی چەکە، بەدڵنیاییەوە ئەم شەڕەش گەر ئەنجام بدرێ پێشبینی دەکرێ شەڕێکی زۆر گەورە بێت، چونکە شەڕی شەرەف و نامووسە، دەبێت کورد لەم شەڕەدا دەستکەوتی باش بەدەست بخات و بۆ دونیا بیسەلمێنێت کە کوردیش خاوەن هێزی خۆیەتی ئەویش "هێزی پاراستنی گەلە"، بێگومان ئەوا چەندین جار دووبارەی دەکەینەوە تاکێشەی کورد لەباکوور چارەسەر نەبێ مەحاڵە لەپارچەکانی تریش چارەسەر ببێ، بەڵام مەخابن سیاسییە خەواڵۆکانی باشوور درك بەو ڕاستییە ناکەن و هەر چاوەڕێی ئەمریکان کە شتێکیان بۆ بکات، ئەمریکا گەر شتێکی بۆیان بکردبا لەماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا دەیکرد، بەڵام وادیاربوو کە هیچ شتێك ناکات و بگرە ئەمڕۆ بەرژەوەندی لەگەڵدایە و سبەینێ ڕووبەڕووت دەبێتە.

ڕێگاکانی چارەسەری:

بۆ ئەوەی کورد لەم گێژاوەی کە تێدایە، دەربکەوێت دیسان تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە دەبێت پشت تەنیا بەخۆی ببەستێت، پشت بەدوژمن و وڵاتانی دەوروبەری کوردستان نەبەستێت وەك ئەوەی کە ئیمڕۆ حکومەت و سیاسییەکانی هەرێم پشتیان پێ دەبەستن و ئیدی هەموو دەرگاکانی چارەسەریان لەخۆیان داخستووە، وادەزانن ئەو ڕێگە چەپەڵەی کە گرتوویانەتەبەر ئیدی ڕێگەی دیکە نییە و هەر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خۆیان راستن، بەڵام ئەم چەند ساڵەی کە لەپێشماندایە ساڵانی چارەنووسسازدەبن بۆ میللەتەکەمان، دەبێت کورد خیتابی یەك بخات و بەدەم ئەو بانگەوازییەی (ك. ك. ك) ببینەوە کە ماوەیەکە بانگەوازی بۆ کۆنفڕانسی نەتەوەیی دەکات، بۆ ئەوەی خیتابی کورد یەکبخرێ، بەڵام وادیارە لەلایەن دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان هیچ بەرسیڤێکی ئەوتۆ نەدراوەتەوە مەخابن، بۆیە ئەو کۆنفڕانسەی کە ماوەیەکە بانگەوازی بۆ دەکرێت پێویستە ئەنجامبدرێت، بۆ ئەوەی لەبەرامبەری ئەو پیلانانەی کە دوژمنان بۆمان دادەڕێژن یەك دەنگ بین بۆ پوچەڵکردنەوەی سەرجەم پیلانە گڵاوەکانیان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.